# ئەو شتانەی کە هەرگیز لە ناوەکانیا ناچن

## ((کۆمەلگا ئیسلامیەکان))

**سیروان ئەمین**

sirwanlatif@yahoo.co.uk

**قەلەم بەدەستانی سەرمایەداری هەرکاتێك بیانەوێ تەعریفی ولاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان بکەن پێیان دەلێن کۆمەلگا ئیسلامیەکان وەك ئەوەی کە خەلکی ئەم ولاتانە هەموو ئیسلام بن و کورد وتەنی سەریان بڕوا نوێژیان ناڕوا ،هەلبەتە ئەم ناوە لە خۆڕا نی یەو مەبەستی لە پشتەوەیە ئەگینا خۆشیان دەزانن کە ئەم حکومەتانەی کە لەولاتە عەربی ئیسلامیەکاندا حکوم ڕانی دەکەن بە زۆری ئاسن و ئـــــاگرە،چون ئەگەر بوارێك هەبێ بۆ ئازادی ڕادەربڕین لەم ولاتانەدا ئەوە چۆن لە ئەوروپا و ڕۆژ ئاوا خەلك کەنیسەو مەسیحیەتیان کردەکاری خسوسی ئینساکەکان و لە دەولەتیان جیاکردەوە ئاوهاش لە مزگەوت و ئیسلام دەکەن ....**

**ئەو کۆمەلگایە کۆی ئیسلامیە کەدەیان ئەحزابی چەپ و کۆمونیست و عیـــلمانی تێدایە کە تاسەر مۆخ دژی خورافاتی دینین ..**

**ئەم کۆمەلگایە کۆی ئیسلامیە کە دەیان نوسەری وەك سەلـــــــان ڕوشدی ، عبدول خالق مەعروف ،فەرەج فۆدە،حسێن مروە،مەهدی عامل ،عەلی دەشتی و ســــــادق جلال عەزم و زۆری تری کە بەقەلەمەکانیان پەردەیان لەسەر ناوەڕۆکی دین هەلدایەوەو دەیان کتێبیان لە سەر ئیسلام نوسیوە....**

**کۆی ئیسلامیە ئەم کۆمەلگایە کە ســـەدان شــــاعیر و گۆرانی بێژ و مۆسیقاری جیهانی لێ هەلکەوتوە کۆێ ئەو کۆمەلگایە ئیسلامیە کە عارق و بیرە بە ڕەواج ترین شمەکە سەرەڕای هەموو شتانەی کە لەسەر مەشروب دەوترێ لە ئیسلام دا.......**

**هەموو ئەمانەی سەرەوە باسم کرد لە ئیسلام دا بڤەیەو فتواکەی مەرگ و سەربڕینە..**

**سەرەڕای هەموو ئەو فشــــــــارانەش لەسەر خەلك کۆمۆنیست و عیلمانی و چەپ و شاعیر ونوسەر یە ،**

**هەموو ئەو پارەو پولەش کە بۆ تەبلیغی ئیسلامی خەرج دەکری ،هەموو ئەو مزگەوتانەی کە شارەکـــانی پڕکردوەو باشترین بینایەی هەیـــــە ڕۆژی پێنج جاران بانگ دەدا بەگوێ خەلکیدا، هەموو ئەو فتواو سەربڕینەش هێشتا نەیتوانیوە ڕوالەتێکی ئیسلامی بداتە ئەم کۆمەلگایە و تا نوسەرێکی عیـــــلمانی دەکوژن دەیانی تر دێنەڕیزەوە تا پینەی لایەکی دەکەن لەلایەکی ترەوە دەدڕێ ،...**

**سحری مانەوەی ئەم دینەش یەکێکە لە پێویستیەکانی بازاڕی سەرمایە و ئەویش پارێزەری لێ دەکـــــات ئەگینا وەك ڕێـــبوار ئەحـمەد دەلێ (با ئەو خەلکە ئازاد بێت،بزان تا بەرمالێك سەرف دەبێ سەد بوتلی بیرە سەرف نابێت)**